سەرۆک کۆمار بەشداری لە پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد

سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدول لەتیف جەمال رەشید، ئەمڕۆ چوارشەممە بەشداری لە پێنجەمین کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد و جەختیکردەوە لە درێژدان بە خەباتی جەلال تاڵەبانی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی حەکیمانەی کە وەک پاشخانێکی سیاسی گرنگ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لێگەڵ هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و کارکردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و خزمەتکردنی گەل.

سەرۆک کۆمار لە میانی وتارەکەیدا، دوپاتیکردەوە کە پێویستە کۆنگرە گرنگی بدات بە پتەوکردنی سەروەری یاسا و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرجەستەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵک و مافەکانی مرۆڤیش لە کوردستان و عێراق.

لە دڵقی وتارەکەی سەرۆک کۆماری عێراق هاتووە، "لە کاتێکدا ئێم کۆنگرەیە ئەبەستین، کە شەش ساڵ تەدەپەڕێ بەسەر کۆچی دوایی جەنابی مام جەلال، هاوبەر و سەرکردە و شکۆی نەتەوەیەک، لە دڵستدانی سەرۆک مام جەلال نەک تەنها بە یەکێتی، بەڵکو بە تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و گەلی کورد و عێراق و ناوچەکە کارەساتێک بوو کە هەرگیز جێگەی پرنابێتەوە"، وتیشی: ئێمە پێویستە لەسەر هەمان ڕێبازی جەنابی مام جەلال درێژە بەدڕی سیاسەتی حەکیمانەی ئەو بین و هەڤاڵان کاربکەن بۆ قەناعەتکی نوێ، شێوەیەکی شەفاف و دیموکراسیانە هەڵبژێرین، جەختی کردەوە، کە بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتی

حکیمانەی جەنابی مام جەلال کۆنگرەی دەبەڵگەی هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان لە هەرێم بۆ ئاماستەیەکدا ببات کە سەرئەنجام بە خزمەتی کەڵکی خەڵکی کوردستاندا بگەڕێتەوە، دوژمنایەتی کردنی یەکتری، نەبوونی یەک ڕیزی، مەترسیەکی گەورەیە لەسەر گەلی کورد، لە بەرامبەردا تەبایمان لەناوخۆ، تەبایمان لە هەرێمی کوردستان کلیلی سەرکەوتنمانە لە کوردستان و لە حکومەتی فیدراڵی و لە ناوچەکە و لە دەرەوەشدا، هەروەها دەبێ ئەم کۆنگرەیە جێخت بکاتەوە لە سەروەری یاسا، لە بەرپرسیارێتی گەندەڵی و چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە خەڵک و پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا،
ئەرکی کۆنگرەیە کە بڕیاری بە پلەی یەکەم ڕاسپاردن بە خزمەتکردنی کۆسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە بکات، بە گرنگی دان بە ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریی و دیموکراتییەکان و سەندیکاکان، بە خزمەتکردن لە بەشە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک، بە زامنکردنی ژیانی مووچەخۆران و فەرمانبەران.

سەرەک کۆمار وتیشی: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە 48 ساڵ تەمەنی پڕ تێکۆشانی خێدا، خۆشی و ناخۆشی زۆری دی و هەمو کاتێکی توانی خۆشی بپارێزێت و بەرژەوەندی گەلی کورد بکاتە ئامانجی سەرەکی، بۆیە پێویستە یەکێیزیمان بپارێزین بۆ نەهێشتنی ململانێی نابەجێ و بەرژەوەندی گەلی کورد لەبەرچاو بگرین و هەنگاوەکانیش بۆ پارێزگاری کردن بێت لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد.